# کامێرایەکی بەهێز و دژە بەرکەوتن



ئەوانەی شارەزای بواری کامێرای وێنەگرتنن چ لەسەردەمی کامێرای فۆتۆگرافی فیلمدا، چ لەم سەردەمەدا کە کامێرای دیجیتالی شوێنی کامێرای فیلمی گرتۆتەوە، دەزانن کە فوجی کۆمپانیایەکی ناسراوی ژاپۆنییە لە بواری بەرهەمهێنانی کامێرادا، کۆمپانیای ناوبراو لەم دواییەدا کامێرایەکی زۆر بەهێزی دیجیتالی بەناوی finefix xp200 بەرهەم هێنا، کە ستایل و دیزایینەکەی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگن، ڕەنگەکانی پەمەیی، سوور، سەوز، زەرد و شین و نارنجی کە ڕەنگی شادی و کراوەن ڕەنگی ستایلی کامێرای ناوبراون.

کامێرای ناوبراو وێنەکانی بە کوالیتی 16 میگاپیکسلین و لێنزەکەی 140-28ملمە و خاوەنی شاشەی جۆری LCD یە.

کامێــرای جۆری finePix XP200 دەتوانێت لە چرکەیەکدا 10 وێنــە بگرێت ، هەروەها توانای فیلم هەڵگرتنەوەی فول ئیچ دی هەیە. جگە لەوەش لە سیستەمی وایەرلەیسی وای-فای پشتیوانیی دەکات و بە ئاسانی بەبێ گرفت وێنەگیراوەکان بۆ مۆبایلە هۆشــمەندەکان یان کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە. خاڵی هەرە گرنگ لە کامێرای ناوبراودا ئەوەیە کە لە ئاودا تەڕ نابێت و تۆز و خۆڵ ناگرێت و گەر لە بەرزاییشدا بەربێتەوە هیچی لێنایەت. هەروەها لە کەش و هەوای سارد و گەرمدا وەك خۆی دەمێنێتەوە.



# تەکنەلۆژیا لە خزمەت تەندروستیدا

تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە بواری تەندروستیی مرۆڤ بگەیەنێت و بەجۆرێك زەنگێکی هۆشیارکەرەوە بێت بۆ ئەو مەترسییانەی کە بەهۆی گرفتی دڵ و هەناسە و فشاری خوێن و...تاد بۆ مرۆڤ دێنە پێش.

پێشووتریش ئاماژەمان بەچەندین ئامێری بچووك کردووە کە لە مۆبایلە هۆشمەندەکان دەخرێن و بــە هۆیەوە دەکرێت بەوردی ئاگاداری تەندروســتیی بەکارهێنەرەکەی بێت. مەچەکبەندی جــۆری Fitbit ئەو ئامێرە دیجیتالییە هۆشــمەندەیە کە وەك بازنێــك لە مەچەك دەخرێت و بەهۆیــەوە زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە وەرزش و تەندروســتیی بەکارهێنەرکەی دەزاندرێت و ئاماری ورد لەبارەی چۆنییەتی تەندروســتیی بەکارهێنەرەکــەی دەخاتەڕوو، وەك ڕێژەی بەپێی ڕۆیشتنی ڕۆژانە، ژمارەی ئەو قادرمانەی کە بەسەریدا چوویتەسەر و هاتوویتە خوار، ســووتاندنی ڕێژەی کالۆری و وزە، ڕێکخستنی کاتژمێری خەو و پشوودان...تاد. بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی ئەو مەچەکبەندە دیجیتالییە.

# لەیەک کاتدا لاپتۆپ و مۆبایلەکەت شەحن بکەوە



یەکێــك لــە حاڵەتەکانــی ناخۆشــی و نیگەرانــی ئەوەیــە کــە لەماڵ دەردەکەویــت و لە ڕێــگادا دەبینیت کە باتــری مۆبایل یــان لاپتۆپەکەت کوژاوەتــەوە. بەڵام کــورد گوتەنی لەم ســەردەمەدا و بۆ بەرهەمهێنەرانــی ئامێری دیجیتالی نوێ ئەم کارە (دەســت نییە لە گۆزەیدا گیر ببێت) بیر لە چارەسەری ئەم گرفتەش کراوەتەوە. شەحنکەرەوەی جۆری Energenie charge gene 200 شەحنکەرەوەیەکی زۆری پۆرتێبڵە و ڕاگواســتن و هەڵگرتنی ئاسانە و لەیەك کاتدا دەتوانێــت مۆبایــل و لاپتۆپ و کامێرا و تەبلێت شــەحن بکاتەوە.


# ماوسێک لە بۆشاییدا!



ماوس کە زۆربەی ئەرکەکانی کۆمپیوتەر بەهۆیەوە ئەنجام دەدرێت لەم چەند ساڵەدا گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ستایل و شێوازی کارکردن و تواناکەی بەدیهاتووە، وەك تاچ پەدی لاپتۆپەکان کە هەمان ئەرکی ماوس ئەنجام دەدات، یان ماوسی پێ، ماوسی پەنجە، ماوسی سێ ڕەهەندی...تاد. لەم دواییەشدا دیزاینەرێکی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژی سەردەم کە بەرەگەز رووسیە، بۆ بەرگریکردن لە ئازارەکانی جومگەی دەست لەکاتی بەکارهێنانی ماوسدا، جۆرە ماوسێکی بەرهەم هێناوە کە لە بۆشاییدا بەبێ هیچ ئامێرێك رادەوەستێ. چۆنییەتی کارکردنی ماوسەکە بەم شێوەیە کە ماوسی هەڵواسراوی جۆری BAT پایەیەکی موگناتیشی لە ژێرەوە و بەهۆی ئەو پایە موگناتیسییە ماوسەکە لە هەوادا دەمێنێتەوە.

دیزاینەری ماوسەکە رای وایە ماوسەکە بۆ ئەو کەسانە دەگونجێت کە چەندین کاتژمێر لەسەر کۆمپیوتەر دەمێننەوە، بەهۆیەوە جومگەکانی دەستیان بە ژان دەکەوێت، بەڵام بەهۆی ئەو ماوسەوە ئازارەکان کەمتر دەبنەوە.

# فەیسبووکێک بۆ جیهانی منداڵان!



زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبووك و گوگڵ پلاس و مسنجەری یاهوو..تاد، رێگە بەو بەکارهێنەرانە نادەن کە تەمەنیان لە خوارەوەی 16 ساڵییە. بەرپرسانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە وای بۆدەچن کە ئەوانەی لەخوار تەمەنی 16 ساڵیدان بوون بە ئەندام لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە زیان بە کەسایەتیی دوارۆژیان دەگەیەنێت، بەڵام تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەناوی Everloop Goobit تایبەت بە جیهانی منداڵان دروست بووە، کە مەرجی ئەندام بوون لەو تۆڕەدا ئەوەیە کە تەمەنت 5 هەتا 13 ساڵە بێت.

لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا منداڵان دەتوانن نووسینەکانی خۆیان کە هی جیهانی خۆیانن بە هاوڕێ هاوتەمەنەکانیان نیشان بدەن، بۆچوون لەسەر بابەتەکانی یەکتر بدەن. لەم تۆڕەدا کۆنترۆڵێکی ورد لەسەر بابەتەکانی منداڵان، چ وێنە یان فیلم بێت دەکرێت و ئەو وێنە و فیلمانەی کە گونجاو نین لەگەڵ تەمەنی منداڵەکە لەلایەن خودی سایتی ناوبراوەوە فیلتەر دەکرێن.





# به ئارامی له خەوت هەڵدەستێنێت

سەردەمی خۆی بۆ لەخەو هەستان کاتژمێرەکانیان لە سەر کاتێکی دیاریکراودا دادەنا و لەکاتی خۆیدا کاتژمێرەکە بە جەرەسێکی بەرز لەخەوی رادەپەڕاندی، ئێستاکە مۆبایل شوێنی کاتژمێرەکانی گرتووەتەوەو بۆ هۆشیارکردنەوەو لە خەو هەستان لەکاتێکی دیاریکراودا مۆبایلەکە لەسەر ئەم کاتە دادەندرێت.

کۆمپانیایەك ئامێرێکی دیجیتالی سەردەمی بەرهەم هێناوە کە تایبەتە بە لەخەو هەستاندن و هۆشیارکردنەوە، بەڵام نەك لە رێگای جەرەس لێدانەوە، بەڵکو بەهۆی رووناکییەکە کە لە تیشکی خۆری بەیانی دەچێت ، هەروەها بەهۆی ئەو دەنگانەی کە لەکاتی بەیانیاندا دەبیسترێن هۆشیارت دەکاتەوە. ئەو ئامێرە کە پێیدەگوترێت "خەوێکی ئارام و گزنگدان" پێچەوانەش کار دەکات واتە لەکاتی شەودا بە ئارامی رووناکییەکەی بەرەو تاریکی دەچێت و ئەو دەنگانەی دەردەچن کە لەکاتی سەر لە ئێوارەدا دەبیسترێن.




# لەم سایتەدا وێنە بە کوالیتی بەرز وەربگرە



دیزاینەر و نەخشەسازان لەکاتی دیزایینکردندا گرفتێك کە دێتەپێشیان، وەرگرتنی وێنەیە لە ئینتەرنێت بە کوالیتی بەرز، چونکە سایتەکانی وەك گوگڵ و هاوشێوەی گوگڵ دروستە کە بەئاسانی وێنەی مەبەستت بۆ دەدۆزنەوە، بەڵام وێنەکان کوالیتیان زۆر لە خوارێیە و بۆ کاری دیزایین گونجاو نین. سایتی دیکە هەن کە وێنە بەکوالیتی بەرز دەبەخشنەوە، بەڵام هیچ کام لەوانە بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر وێنەکان نابەخشنەوە. کەوایە چ رێگا چارەیەك هەیە؟

سایتی www.freepsd.com سایتێکە بێ پەسند کردن لە ریزی باشترین ئەو سایتانە دێت کە بۆ نەخشەسازان و ئەوانەی ئەرکی گرافیك دەکەن بەسوودە، چونکە کوالیتی وێنەکانی ناو سایتەکە زۆر بەرزن و وێنەکانیش تەواو ئەو وێنانەن کە بۆ کاری نەخشەسازی دەگونجێن، زۆربەی وێنەکانیش بە فۆرماتی PSD یە کە فۆرماتێکی فۆتۆشۆپە و دەکرێت بەهۆیەوە دەستکاری وێنەکەش بکرێت.

# ئایفۆن دەبێتە مۆبایلێکی سەتەلایتی

بەرلەوەی مۆبایل بەشێوەیەکی گشتگیر لەم هەرێمەدا و بەگشتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بکەوێتە بازاڕەوە، بەرلەوەی تۆڕەکانی مۆبایل بەم جۆرە پەرە بستێنن، جۆرێك لە مۆبایل لە جیهاندا بوونی هەبوو کە بە مۆبایلی سورەیا ناسرابوو، مۆبایلی سورەیا، لە رێگای مانگی دەستکردەوە واتە سەتەلایت ئەرکی پەیوەندیکردنەکەی ئەنجام دەدا، مۆبایلی سورەیا تێچووی پەیوەندییەکانی زۆر بوو، ئەگینا زۆر مۆبایلێکی بە سوود بوو، چونکە هیچ گرفتێکی نەبوو لە نەبوونی هێڵی تۆڕی مۆبایل، چ لە چیابایت یان لە دارستان یان لە دەریادا.. تۆڕەکانی مۆبایل سنووردارن و بۆ مەودایەکی جوگرافی دەگونجێن، لەم دواییەدا ئامێرێك بەناوی satsleeve بەرهەم هاتووە کە ئایفۆنەکەتان دەکاتە مۆبایلێکی سەتەلایتی. ئامێرەکە لە پشت ئایفۆن دەخرێت و توانای بەرێکردنی شەپۆلەکانی زۆر لە شەپۆلی تۆڕەکانی مۆبایل زیاترە.





# بچووکترین شەحنکەرەوەی مۆبایل لە جیهاندا

دابەزینی باتری مۆبایل لە کاتە زەروروی هەستیارەکاندا بۆ بەکارهێنەرەکەی زۆر حاڵەتێکی ناخۆشە، بۆ نموونە بۆ سەیران چوویتە چیایەکی بەرزی ئەم کوردستانە و شەحنی باتری مۆبایلەکەت دادەبەزێت، هیچ وزەیەکیش نییە کە باتری مۆبایلەکەت شەحن بکاتەوە، لەم کاتەدا شەحنکەرەوەی بچووکی جۆری Fuel فریادرەسێکی باشە. ئەم شەحنکەرەوە کە بە بچووکترین شەحنکەرەوەی جیهان ناسراوە لە شوێنی میدالیای سوییچ دەخرێت. شەحنکەرەوە بچووکەکە کێشەکەی تەنیا 14 گرامە و بارستاییەکەی تەنیا 1.5 نیوە و دەتوانێت دەیان جار باتری مۆبایلەکەت شەحن بکاتەوە. شەحنکەرەوەکە لە ڕێگای کێبڵی microUSB بە مۆبایلەکانەوە پەیوەند دەدرێت و لەگەڵ زۆربەی هاندەکانی مۆبایلیش دەگونجێت. خودی شەحنکەرەوەکە هەتا 30 مانگ شەحنی دانابەزێت.




# کەڤەرێکی ئایفۆن سەمای ڕووناکی تێدایە

ئایفۆن کە جگە لەوەی لە بواری کارایی و تواناییەوە مۆبایلێکە لە ریزی یەکەمین مۆبایلە هۆشمەندەکانی جیهان دادەندرێت، لە بواری نرخەوەش لەسەرێیە، هەربۆیە بۆ ئەوەی نەکەوێتە خوارەوە و زەربەی پێنەکەوێت کەڤەر واتە قەپێلکێکی تایبەتی جۆراوجۆری بۆ دروستکراوە، یەکێك لەم قەپێلکانە بەناوی iEqualizaer لەلایەن کۆمپانیایەکی ژاپۆنییەوە تایبەت بە ئایفۆن 5 بەرهەم هاتووە. کە هەم لە پلاستیکێکی پتەو دروستکراوەو هەم توانای سەمای ڕووناکی هەیە.

کەڤەری ناوبراو چەندین گلۆپی ڕەنگاوڕەنگی LED تێدایە کە لەکاتی لێدانی مۆسیقادا یان لەکاتی هاتنی پەیوەندیدا دەست دەکەن بە سەماکردن، ئەم کەڤەرە وزەی خۆی لە باتری بچووك وەردەگرێ و هیچ پەیوەندییەکی بە وزەی باتری مۆبایلەکەوە نییە.

# پرۆگرامێک بۆ بەش بەش کردنی هارد




سەرەکیترین بەشی سەختە ئامرازی هەر سیستەمێکی کۆمپیوتەر هاردەکەیەتی، هارد کۆمپیوتەر وەك کۆگای داکردنی زانیارییەکان دێتە ئەژمار و بە تێکچوونی هاردەکە ئیدی زانیارییەکانیش نامێنن و لەناو دەچن. هاردەکان لەماوەی کەمتر لە دەیەیەك گۆڕانکارییەکی جیددیان بەسەرداهاتووە، لە سەرەتای ساڵەکانی 2000دا پێشکەوتووترین هارد نەدەگەیشتە 50 گیگابایت، کەچی ئێستاکە هاردی چەند ترابایتیش بەرهەم هاتووە. واتە هاردێکی ئەم سەردەمە بەقەد هەزاران هاردی ساڵەکانی دوو هەزارە. پاش کڕینی هارددیسك و دانانی لەسەر کۆمپیوتەر پێویستە پارتیشن بەندی ( Part-tion) بکرێت، پارتیشنبەندی بەوە دەگوترێت کە هاردەکە بەهۆی پرۆگرامێکەوە پارچە پارچە بکرێت، وەك ئەوەی کە کۆگایەکی گەورەت هەبێت و بیکەی بە بەش بەش. گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە کە لە تاقیکاریدا دەرکەوتووە چ پرۆگرامێکی سەرکەوتووە، پرۆگرامی PartitionManagerە، ئەم پرۆگرامە یەکێکە لە تەواوترین پرۆگرامەکانی تایبەت بە ئەرکی پارتیشنبەندی، بەهۆیەوە دەتوانرێت بەبێ سڕینەوەی فایلەکانی ناو هاردەکە یان قەوارەی پارتیشنەکان واتەبەشەکان زیاد و کەم بکات. تواناکانی دیکەی پرۆگرامەکە ئەوانەن کە دەکرێت بەهۆیەوە هارددیسکەکە بکرێتە یەك پارچە، سڕینەوەی فایلە زیادییەکان، پرۆگرامی ناوبراو لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ویندۆز دەگونجێت.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، من فایلێکی wordم هەیە کە سەدان وێنەی تێدایە، ئەو وێنانەی کە تێیدان لەسەر کۆمپیوتەرەکەمدا نەماون، بە چ ڕێگایەك دەکرێت کە وێنەکانی سەر ئەو فایلەم وەکو وێنە و بە کوالیتی خۆی لە فایلەکە وەرگرمەوە؟

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی کە وێنەکانی سەر فایلەکەت وەربگرییەوە، پێویستە فایلی wordەکەت بە ئۆفێس 2007 یان 2010 و سەرووتر بکەیەوە، پاشان بەهۆی پرۆگرامەکانی zip کردنەوە وەك winrar و win-zip فایلەکەت بکەی بە زیپ و لەو فۆڵدەرەیدا کە فایلەکەی تێدا بۆتە زیپ فۆڵدەرێك دروست دەبێت بەناوی media لەو فۆڵدەرەدا گشت وێنەکانی بە کوالیتی خۆی تێدایە.